هەرجارەی باسێک

# گۆڕانی پلەی گەرما

ئاسۆ حامدی

لە ساڵی پاردا ئاڵگۆر کۆنە جێگری سەرۆکی ئەمریکا فلیمێکی دۆکیمۆێنتی لەسەر گۆڕانی پلەی گەرما و بەرزبوونەوەی لەم چەندین ساڵەی دواییدا بەرهەمهێنا. لە وولاتیکی بچوکی وەکو هۆلەند زیاتر 1 ملیۆن یورۆیان پێش کەش کرد چونکە بە باوەڕی ئەوانەی کە پاداشتەکەیان پێدا ئەم فلیمە بەشێکە لە چاککردنی گرفتەکانی پلەی گەرما و چاککردنی ژینگەی جیهان.

ڕاپۆرتی ئەم دواییانەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، مەسەلەکانیان وا چڕ کردەوە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ لێپرسراون بەرامبەر بەم گۆڕانە. ڕەنگە ئەمە واقعەت بێ. بەڵام قەبارەی کاریگەریکانی خودی کارگەو کارخانەکان و ژمارەی ئۆتۆمۆبیلی دەوڵەمەندەکان و بەکارهێنانی کارەبا و گازو بەنزین و ئەتۆمیەکان ....هتد لە خودی ئەمریکا لە هەموو وولاتانی دونیادا زۆرترە. بەڵام لە دوو کۆنگرەی جیهانی ژینگەدا بۆ مەسەلەی درێژخایان و پاراستنی ژینگەدا وولاتی ئەمریکا ئامادە نەبوو ئیمزا لەسەر دۆکیومێنتەکانی بکات.

پلەی گەرمای ئەم ساڵ گەرمترین پلە بوو لە دوو و سێ سەدەی دواییدا. توانەوەی بەفر لە پۆڵی بەستەڵۆکی باکوور و بەرزبوونەوەی ئاستی دەریا و نزم بوونەوەی رووی زەوی و چەندین ئاڵوگۆڕ لە ژینگەی دونیا دا بەبەرهەمهێناوە.

کارەساتەکانی ژینگەیی ئەمریکا و دوورگەکانی ئەندەنووسیا و بەرز بوونەوەی ڕێژەی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە هەوادا و بڵاوبوونەوەی ماددە ووردەکان و نیشتنیان لەسەر گەڵای ڕووەک و دارودرختەکان گرنگترین زەنگبوون بۆ مرۆڤایەتی. ئەگەر کار وابڕوا لە شارە گەورەکانی جیهاندا ژیانی و تەندروستی ئینسانەکان لە تەمەنی جیاجیادا دەبێتە دەردێکی کوشندە.

لە دوایین بڕیاری ئوممەی ئەوروپا دا دەبێ هەموو وولاتان پاشەکەوت لە ئینێرژی بکەن و ڕێژەی زیادبوونی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بەرادەیەکی دیاریکراو دابەزێنن.

ئەم مەسەلەیە دووریەکی جیهانی هەیە، بەنموونە لە وولاتانی ئەسکەندیناڤیایی ژینگە پاکترە بە بەراوردکردنی لەگەڵ ئەلمانیا و فرەنسا و بەریتانیا دا. لەگەل ئەمەش بەرزبوونەوەی پلەی گەرما هەمان کاریگەری لەسەر ئەو وولاتانەشدا هەیە.

بەنموونە شەڕەکانی ئیمپریالی و جیهانی ئەوەندە کارەساتەکانیان بۆ مرۆڤ دروستکردووە و قوربانیان ناوەتەوە لەلایەکی تر ژینگەی تەواوی دونیا یان زیاتر پیستر کردووە.

بەڵام لە ڕاپۆرتەکەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان و سیاسە تەکانی ژینگەدا باس لەم شەڕ و کارەساتانە ناکرێت.

بە حوکمی ئەوەی ژینگە هیچ بنەمایەکی ئابووری بەهێزی نیە و بەڵکو تەنها مەسرەفی هەیەو هیچی تر، تاکە ئابووری بێ هیز گەشە پێدەکا کە ئەویش مەسەلەی گەشت و گوزارە.

ئەوان لەبەر مەوقعیەتی بەهێزی سیاسی و ئابووری خودی سەرچاوەکانی ئینیرژیدا باکیان بەم چۆنایەتیەی ژینگە دا نیە.

هەتا ئیستا بەداخەوە لە کەلتووری زۆربەی وولاتاندا چۆنایەتی ژینگە تەنها بریتیە لە سەوزایی و مەسەلەیەکی لاوەکی و بێ ئەهمیەتدا.

پیسبوونی خاکی کوردستان بەتایبەت هەلەبجە و بالیسان و شێخ وەسانان هەندێ گوند لە بادینان بە ماددە کیمیایی یەکان کاریگەری لەسەر جەندین نەوە دەمێنێ ئەگەر بێتو بە شێوەیەکی زانستی ڕووی

زەویەکەی چارەسەر نەکریت. ڕەنگە لە خەڵکی ئەم ناوچانە بپرسی دەڵێن با دەردەکانی ئێمە تۆزێ بیماربکەن جا چ جای خاکەکەی، بەڵام ئەمە قسەیەکی بازاڕیە و زانستی نیە!.
مەسەلە ژینگەییەکان لە هەموو دونیادا دووری جۆراوجۆریان هەیە، نەک لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەڵکو کاریگەری بنەڕەتی لەسەر ژیان هەیە وەکو کە مەسەلەیەکی بنەڕەتی.
بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە جیهاندا دەبیتە هۆی زیاد بوونی ووشکایی و تەڕایی جۆراو جۆردا.
لە و وولاتانەی کە تووشی ووشکایی دەبن گەلێ مەسەلەی سیاسی و شەڕ و کێشەی ناسیونالیستی و هتد سەرهەڵدەدەنەوەو گەلێ کێشە دروست دەکەن.
بەنداوەکانی سەر ڕووبارەکانی کە سنوورەکان دەبڕن گەورەترین کێشە لە داهاتوودا دەنێننەوە.
لە ئەنجامی زیادبوونی ئاو لە هەندێ وولاتدا کارەساتی وەکو داڕمانی ڕووی زەوی و لافا و کاولبوونی بنەماکانی ئابووری ئەو وولاتانە.
لە هەموو حالەتێکیشدا هەر خەڵکی هەژار باجەکەی دەدا. هەر لەبەر ئەوەی نیە زۆرن، نا لەبەر ئەوەی کە ئیمکاناتی ماددی ماڵە هەژارەکان سادە و ساکارن و خانووەکان بە نرخی هەرزان دروستکراون.
گەشەدان بە مەسەلەکانی درێژخایان بۆ پاشەکەوتی ئینێرژی و هۆشیاری کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان و گەشەدان بە سیاسەتەکانی جیهانی ژینگەیی و ناچارکردنی هەموو وولاتان بە جی بەجێ کردنی بە شێوەیەکی ڕێک و پیک هەنگاوێکی گرنگە بۆ پاراستنی ژینگە.
لە وولاتانی دواکەوتوودا دەوڵەتەکانیان لەبەر گەشەدان بە بنەماکانی ئابووری و گرفتە سیاسیەکانیناندا ئەوەندە ڕوو ژینگەدا وەرناگێڕن. ئەم سیاسەتانە لە ئایندەدا گرفتی ئابووری زیاتر دەکات ، بەڵام چونکە لەم دەوڵەتانەدا مەسەلەی درێژخایان هیچ گرنگیەکی نیە بۆیە ئەم وولاتانە لەم لایەنەشەوە هەر لەدواو دەڕۆن.
گۆڕانی پلەی گەرما کاریگەری زۆر سلبی لەسەر ژیان و گوزەرانی تەواوی دونیا دادەنێت. لەگەڵ ئەم هەموو هەوڵ و کۆششانەی هەندێ لە وولاتانی ئەوروپایی بەڵام ئەگەر لە تەواوی دونیادا هەمان هەلوێست نەبێ ئەوا هەروا پلەی گەرما ڕوو لە هەوراز دەکات. یان لەوانەیە دونیا پێچەوانە بێتەوە، لە وولاتە گەرمەکان ساردبێ و لە وولاتانی سارد دا بیابان دروست بێ!.
کێشەکانی ژینگە هەر بەرز بوونەوەی پلەی گەرما نین بەلکو کێشەکانی هەوا و دەنگ و ڕەنگ یەکێ لە گرنگترین گرفتەکانن. بۆ مەسەلەی دەنگ لە کوردستان ڕەنگە هۆڕینی ئۆتۆمبیلەکان و دەنگی بانگدانی مزگەوتەکان ئەگەر ئاماری دەقیق هەبێ چەندین کەس لە پیرەکان بە کاریگەری ئەمانە ژیان لە دەست دەدەن، بەس کێ گوێ بەمانە دەدات دەلین خوا ئەجەلی هینا بووا!.ئەمە ڕاستەوانە لەگەڵ گشت کارەساتە ژینگەییەکان دێتەوە.

**2007 هۆلەند**